# ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی ڕیسالەت (رسالت)ی کۆماری ئیسلامی ئێران، ژمارە ٦٣٩-٦٤٠ لە نموونە

**د. کاروان فتاح عبدالرحمن**
بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە

**ارکان احمد حسن**
بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە
خوێندکاری دوکتۆرا لە مێژوی نوێ و هاوچەرخ لە زانکۆی ڕاپەڕین
Arkan.hassan@uoh.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠-٤-٢٠٢٤ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٤

**پوختەی توێژنەوە:**

جەنگی درێژخایەنی عێراق- ئێران کەشێکی ناسەقامگیر و ناهەمواری لە کوردستان هێنایە ئاراوە، کە ژمارەیەك ڕووداوی ترسناك و کۆمەڵکوژیی بۆ کورد لەگەڵ خۆی هێنا. یەکێك لە ترسناکترین ڕوداوەکانی ئەو دە ساڵەی جەنگ کارەساتی کمیاییبارانی هەڵەبجە بوو، کە هەزاران هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی و دەیان هەزاری تریش بریندار بوون. ئەم کارەساتە کە لە ڕۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ ڕوویدا، بوو بە جێگای سەرنجی میدیا هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. یەکێك لەو هۆکارانەی وایکرد، کە ڕووداوەکە ببێتە پرسێکی گرنگیی جیهانی، بریتیبوو لە ڕوماڵکردنی ڕووداوەکە لەلایەن میدیای ئێرانی. ژمارەیەکی بەرچاو لە وێنەگر و ڕۆژنامەنووس لە سنووری ئێرانەوە سەردانی شاری هەڵەبجەیان کرد و ڕووداوەکەیان بۆ دنیا گواستەوە، ڕۆژنامەی ڕیسالەت یەکێك بوو لەو ڕۆژنامانەی، کە ڕۆڵی بەرچاوی لەو بابەتەدا بینی.

ڕۆژنامەکە لە چەند ڕەهەندێکەوە کارەساتەکەی ڕوماڵ کردووە لە شێوەی ڕاپۆرتە هەواڵ و وێنەی تایبەت بە ڕووداوەکە، کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ئێرانیەوە گیراون. هەروەها لێدوانی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە و گەیاندنی ڕووداوەکە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گواستۆتەوە. لەبەرئەوە ژمارەکانی چەند

مانگی دوای کارەساتەکە گرنگییەکی ئێجگار زۆریان بۆ ئەرشیفکردن و زیندووهێشتنەوەی هەیە و لەم سونگەیەوە بە گرنگمان زانیوە  توێژینەوەیەك لەوبارەیەوە بنووسین. هەروەها تاوەکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەو بابەتەدا نەکراوە و ئەم توێژینەوەیە وەك یەکەمین هەوڵ ئەژماردەکرێت.

لەو سۆنگەیەوە پرسیاری بنەڕەتی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تا چەند ڕۆژنامەکە گرنگی بە ڕوماڵکردنی کارەساتەکە داوە و تا چ ڕاددەیەك لەو ڕۆژنامەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە ئامانجی توێژەران بریتییە لە ڕوونکردنەوە و دەرخستنی گرنگیپێدانی ڕۆژنامەی ڕیسالەت بە کارەساتەکە.

میتۆدی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە تەوسیفی- شیکاری دەبێت و بە پشتبەستن بە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە و وەرگرتنی هەواڵەکان و خستنەڕووی کارەساتەکە و دواتر شیکردنەوەی زانیارییەکانی خودی ڕۆژنامەکە و پۆلێنکردنی هەواڵەکان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا.

**کلیلە وشەکان: هەڵەبجە، کیمیابارانی هەڵەبجە، جەنگی ئێران-عێراق، ڕۆژنامەی ڕیسالەت، جینۆساید**

## پێشە کی:

لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا، ژمارەیەك کارەساتی گەورە لە نێوان هەردوو وڵاتدا ڕویانداوە کە بەشێکیان لە ناوچە کوردنشینەکاندا بووە. یەکێك لەوانە کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەیە لە ١٦/ ٣/ ١٩٨٨ کە بە یەکێك لە ترسناکترین کارەساتە گەورەکانی سەدەی بیست دادەنرێت کە بەسەر کورد دا هاتووە. بەهۆی گەورەیی کارەساتەکەوە، دەنگدانەوەی گەورەی هەبووە لە ناوەندە نێوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

یەکێك لەو وڵاتانەی، کە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگیی بە کارەساتەکە دا کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. یەکێك لە شێوازەکانی گرنگیپێدانی کارەساتەکە، بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانەکە بوو لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی ئێراندا و گرنگیەکی  زۆری ئێجگارهەبووە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکە.

یەکێك لەو ڕۆژنامانەی کە زۆرترین گرنگیی بە ڕووداوەکە دا ڕۆژنامەی ڕیسالەت (رسالت) بووە، کە ڕۆژانە لە ناوخۆی ئێراندا بڵاوکراوەتەوە. لە چەندین ژمارەی ڕۆژنامەکە پاش کارەساتەکە بڵاوکراونەتەوە، هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە دەبینرێت، لەم توێژینەوەیەدا، هەردو ژمارە (٦٣٩، ٦٤٠) وەك نموونە وەرگیراون و تەنها ئەو هەواڵانە وەرگیراون کە تایبەتە بەلێکەوتەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕەنگدانەوەی لەو دوو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەدا، هەواڵەکانی دیکە تایبەت بەبەرەکانی جەنگ و چۆنیەتی هێرش و گرتنی شاری هەڵەبجە، لەو دوو ژمارەیە وەرنەگیراون. ئێران خواستی هەبوو کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بتوانێت وێنای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەربارەی عێراق بگۆڕێت و هەوڵبدات کە بە بەکارهێنانی کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە، پشتگیری سیاسی و سەربازی ڕۆژئاوا بۆ حکومەتی عێراقی کەمبکاتەوە و بە فەرمی عێراق بە تاوانباری سەرەکی ئەنجامدانی تاوانەکە بناسێنێت.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**گرنگیی ئەم توێژینەوەیە** لەوەدایە کە یەکەمین هەوڵی زانستییە سەبارەت بە ڕومالکردنی ڕووداوەکانی کارەساتەکە لە ڕۆژنامەی ڕیسالەت، کە یەکێك بووە لە گرنگترین ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی ئێران و بە ڕۆژنامەیەکی فەرمی لە قەڵەم دەدرێت. لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەکی زۆر هەواڵی دەگمەن و گرنگ لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەساتەکە نووسراون کە بۆ تۆمارکردن و زیندوو هێشتنەوەی جینۆسایدی هەڵەبجە ئێجگار بەسوودن، لەوانە هەواڵی تایبەت بە بریندارانی کارەساتەکە و هەواڵی تایبەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە و هەروەها تێڕوانینی دەستەبژێری سیاسی ئێران بۆ ڕووداوەکە و چۆنێتی ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵگای ئێرانیدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە**، میتۆدی پەسنکردن (توصیفی)- شیکاریی (تحلیلی) یە کە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی یەکەمی بابەتەکەوە وەرگیراوە ، لەم توێژینەوەیەدا، تەنها دوو ژمارەی ڕۆژنامەکە وەرگیراون کە بریتین لە ژمارەکانی (٦٣٩، ٦٤٠)ی ڕۆژنامەی ڕیسالەت، کە یەکەمین و دووەمین ژمارەن لە دوای کارەساتەکە و لە ڕۆژی ٢٦ و ٢٧ ئازاری ١٩٨٨ بڵاو کراونەتەوە. سەرجەم بابەتەکانی تایبەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە ئاماژەیان پێکراوە و دواتر ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە.

**ئامانج و پرسیاری توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ڕادەی ڕەنگدانەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی ریسالەت ڕوون بکاتەوە و دنیابینی ئێرانیەکان دەربارەی کارەساتەکە بزانێت، ئایا تاچەندە ڕۆژنامەی ریسالەت گرنگی بە کارەساتەکە داوە؟ ئایا ڕۆژنامەکە ڕووداوەکەی وەك خۆی گواستۆتەوە و گرنگیی بەسەرجهم ڕەهەندەکانی داوە؟ ئایا توانیێتی ڕووداوەکە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگەیەنێت؟

**پلانی توێژینەوەکە**، بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، دابەشکراوە بەسەر دەروازەیەك و شەش تەوەر. لە دەروازەدا، بەکورتی باس لە هێرش بۆسەر شاری هەڵەبجە و مێژووی ڕۆژنامەی ریسالەت کراوە. دواتر لە شەش تەوەردا بابەتەکە شیکرنەوە و هەڵسەنگادنی بۆ کراوە. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ ئەو هەواڵانەی کە لە ڕووپەڕی لاپەڕی یەکەمی هەردوو ژمارەی ڕۆژنامەکەدا تۆمارکراون. تەوەری دووەم تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی کارەساتەکە لە ناوخۆی ئێراندا بەو جۆرەی ڕۆژنامەکە گواستویەتیەوە. تەوەری دواتر باس لە کاردانەوە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات دەربارەی کارەساتەکە. پاشان ڕومالی هەواڵی پارێزگاکان و لایەنی کۆمەڵایەتی خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییدا، شیکردنەوەی کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر ڕووداوەکە بەوجۆرەی ڕۆژنامەکە تۆماری کردووە، باسکراوە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دەروازە:**

**یەکەم: هێرشی ئێران بۆ هەڵەبجە:**

هێرش بۆ هەڵەبجە، بەناوی (والفجر ١٠) و لە کاتژمێر دوی شەوی ١٤- ١٥/ ٣/ ١٩٨٨ و بە ڕەمزی (یا رسول الله) دەستپێدەکات (علایی، ١٣٩١، ج٢، ٤٢١) ئەڵبەتە هێزەکانی پێشمەرگە بەشداری تێدادەکەن و بەهۆی شارەزاییان لە ناوچەکە، هاوکاری هێزەکانی ئێران دەبێت کە لەماوەیەکی کەمدا شاری هەڵەبجە کۆنترۆڵ بکەن و زیانێکی زۆر بە هیزی عێراق پێبگەیەنن (ابوغزاله، ١٣٩٠، ٣١٤).

هەرچەندە زانیاری ورد لەسەر زیانەکان لەبەردەستدا نین، بەڵام ئێرانیەکان باس لەوە دەکەن، کە سەرەڕای دەستگیر کردنی ٥٤٤٠ کەس لە هێزەکانی عێراق کە ٦٠٠ یان ئەفسەر و ٤٠٠ ی دیکەیان لە هێزە کوردیەکانی ئێران بوون، ٩٠ تانك و نەفەربەر، ١٠٠ تۆپ، ٨٠٠ ئۆتۆمۆبیل، ٦ هەزار چەکی سوك دەگرن. زیانەکانی ئێرانیش بە ٦٣٦ کوژراو، ٢٠٦٣ بریندار، ٣١٨ بێسەروشوێن، ٥٦٦ بەرکەوتەی کیمیایی هەژمار کراوە (علایی، ١٣٩١، ج٢، ٤١٣). ئەمە لە کاتێکدایە، کە لەسەرچاوەی دیکەدا، ژمارەی کوژراوانی ئێران بە ٣ هەزار و ژمارەی هاووڵاتیانیش بە هۆی چەکی کیمیاییەوە بە ٤ هەزار کەس هەژمار کراوە (علی، ٢٠١٨، ٣٢٠).

لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت ئێرانیەکان بەڵێنی ئەوەیان داوە کە دوای گرتنی هەڵەبجە، شارەکە چۆڵبکەن و ڕادەستی هێزە کوردیەکانی بکەن (خلیفە محمد، ١٩٩٩، ٣٥). بەڵام نەك ئەو بڕیارە جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو ئێرانیەکانی کەسێکی ئێرانی بەناوی (عبدالرزاق) دەکەن بە قائیمقامی هەڵەبجە (سۆران، ٢٠١٠، ٢٦٣). تەنانەت بە بیانووی ئەنجامدانی چەند ڕوداوێکی نەخوازراو لەلایەن هێزە ئێرانی و کوردیەکانەوە، وەك بردنی کەلوپەلی ماڵان و دوکانەکان، لەسەر داوا و پێشنیاری (محمد باقر ذولقەدر) فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان و بەفەرمانی موحسین ڕەزایی فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران، (محمد مقدم) فەرماندەی تیپی ٧٥ ی (ظفر) دەکرێتە بەرپرسی سەربازی تەواوی ناوچەی هەڵەبجە (ایزدی، ١٣٩٢، ٢٠٩).

هەربۆیە دوای گرتنی تەواوی هەڵەبجە، حکومەتی عێراق پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، لە ڕۆژی ١٦/ ٣/ ١٩٨٨ و بە پەنجا فڕۆکە کە هەریەکەیان چوار بۆمبی کیمیاوی بە کێشی پێنج سەد کیلۆ هەڵگرتبوو، هێرشدەکەنە سەر شارەکە و کارەساتی هەڵەبجە ڕودەدات، کە تیایدا ٥٠٠٠ لە دانیشتوانی شارەکە دەکوژرێن (السامرائی، ١٣٨٨، ١٢٥). بەپێی دانپێدانانەکانی تاریق ڕەمەزان کە یەکێکە لەو فڕۆکەوانانەی شاری هەڵەبجەیان کیمیاییباران کرد، فڕۆکەکان لە فڕۆکەخانەکانی کەرکوك، موسڵ، گەیارە و فڕۆکەخانەی زانکۆی فڕۆکەوانانی شاری تکریتەوە بەرەو هەڵەبجە فڕیبوون (نێروەیی، ٢٠١٠، بەرگی دووەم، ٥٥).

دوای بڵاوبوونەوەی وێنە و هەواڵی ڕوداوەکە، چەندین لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاواز بۆ ڕودانی ئەو کارەساتە دەکرا، لەوانە: نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسیە کوردیەکان لە ئێران و ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش (حاجی مشیر، ١٩٩٨،

١٩٤). کۆمەکی و هاوکارییەکانی ئێران بۆ هێزە کوردیەکانی عێراق (شیرازی و طارمی، ١٣٨٤، ١٥٣ ). پێشوازی خەڵکی شاری هەڵەبجە لە هێزەکانی ئێران (محمد ئەمین، ٢٠١٤، ٣٠٣). یان وەك خودی جەلال تاڵەبانی، کە پێی وایە ئەمە سروشتی فاشیانەی حکومەتی عێراق و خودی سەدام حسینە (ئەمین، ٢٠١٠، ٦٠). ئەڵبەتە ئەو هاوکاریەی پێشمەرگە، دواتر دوچاری ڕەخنە لێگرتن بووەتەوە و دوکتۆر محمود عوسمان پێی وایە: "هێزە کوردیەکان بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو لە هاوکاریکردنی ئێراندا هێڵەسورەکان ببەزێنن، نەدەبوو چالاکی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەنجام بدرایە، ئەوە هەڵەیەك بوو، نەك هەر تەنها هەڵە، بەڵکو تاوان بوو، گەلی کورد سزاکەی وەرگرت نەك فەرماندەکان" (کوچیرا، ٢٠٠٨، ٩٠).

دوای کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجە، سەرەتا هێزەکانی ئێران و هێزە کوردیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە بە هانای بریندااران و ئاوارەکانەوە بڕۆن. بریندارەکان بە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەکان و لە نێو ئێرانیشدا ئۆردوگا بۆ ئاوارەکان دروست دەکەن (مەلا، ٢٠٠٨، ٩٣). هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێوەی سەربازی هێرش بۆسەر هەڵەبجە ناکەن، بەڵام دواتر بەمەبەستی هاوکاریکردنی خەڵك، دێنە ناو شار (علی، ٢٠١٩، ٤٩). بۆ چارەسەری سەرەتاییش، ئێران بنکەی تەندروستی گەڕۆك لەسەر سنور دەکاتەوە دوای وەرگرتنی چارەسەری سەرەتایی، دواتر بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی دیکە دەکران (جی، کلی، ١٣٩٠، ٣٨). لەگەڵ ئەوەشدا داوای هاوکاری و بەدەمەوەهاتن لە وڵاتانی دیکە و ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان دەکات (درودیان، ١٣٩٠، ج٤، ٢٣٩- ٢٤٠). تەنانەت وەك پەیامێکی سیاسیش، وێنەی کارەساتی هەڵەبجە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە و بەفڕۆکەیەکیش کە ناوی کوردستانی لەسەر دەنووسێت، هەندێك لە بریندارانیش ڕەوانەی دەرەوەی ئێران دەکات (فیروزابادی، irdiplomacy.ir).

هەردوای کیمیاییبارانی هەڵەبجە، ئێران داوای لێکۆڵینەوە لە سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای ناردنی پسپۆڕانی تایبەت بۆ ناوچەکە دەکات (پارسا دوست، ١٣٨٦، ٧٢٤). بۆئەو مەبەستەش لە ٢٩ی مایسی ١٩٨٨ دو پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانێکی سێ ڕۆژی بۆ ئێران ئەنجام دەدەن و چاویان بە چەندین کەس لە بریندارانی چەکی کیمیایی دەکەوێت و سەردانی شارە سنوریەکان نەسود و مەریوان دەکەن (درودیان، ١٣٩٠، ج٤، ٢٤٠- ٢٤٤). دواتر هەوڵێکی زۆر دەدات بۆئەوەی پرسی کیمیاییبارانی هەڵەبجە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و هەوڵیداوە، کە چەندین تیمی تایبەتی پزیشکی و ڕۆژنامەنووسانی ئەندام لە ناوەند و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بانگهێشتی وڵاتەکەی و لەوێشەوە کارئاسانییان بۆ بکات تا سەردانی هەڵەبجە بکەن و بەوێنە و ڤیدیۆکانیان، پرسەکە بە تەواوی دونیادا بڵاو بکەنەوە (حسن و ئەمین: ٢٠٢٠، ل ٦٠٠- ٦٢١).


JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دووەم: کورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەی ریسالەت (رسالت)**

ڕۆژنامەی ڕیسالەت ڕۆژنامەیەکی هەواڵی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کەلتوری شیکارییە. لە ساڵی ١٩٨٥ (١٣٦٤ هەتاوی) کە لە لایەن کۆمەڵێک لە نەیارانی میرحسێن موسەوی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی ئێران وەک: ئەحمەد ئازەر قومی، ئەحمەد تەوەکولی، سەید مورتەزا نەبەوی و ئەندامانی گروپی ٩٩ نەفەر، بەمەبەستی خستەنەڕووی دیدگاکانی خۆیان ئەم ڕۆژنامەیە دەردەکەن (شریفی: ١٣٩٨، نگاهی به تاریخچه روزنامه رسالت/ نزدیک به حزب مؤتلفه اسلامی (tarefeh.ir).

گرووپی ٩٩ نەفەر ئەو ئەندام پەڕلەمانانە بوون کە نەیاری دووبارە بوونەوەی میرحسێن موسەوی بوون بە سەرۆک وەزیرانی ئێران، دوای دامەزراندنی کابینەی نوێی، ئەوانەی کە دواتر خۆیان بە ئەنجومەنی ئیسلامی دەوڵەت ناوزەد دەکەن، ناکۆکیان لەگەڵ موسەوی توند دەبێتەوە و ناچار لە کابینەکە دەردەکرێن. لەسەرەتاوە، ئایەتوڵا ئازەری قومی دەبێتە خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆژنامەکە، بەڵام دواتر مورتەزا نەبەوی بەڕێوەبەرایەتی لە ئەستۆ دەگرێت، پەروەرش دەبێتە سەرنووسەر و دواتر سەرئەفرازو ئەنبارلویی دەبنە سەرنووسەر(ناصر غضنفری: (١)، انبارلویی: ایرنا (irna.ir).

ئامانج لەبڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەکە، هەوڵدان بووە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خوداوەند لەسەر بنەمای ئیسلام و مەکتەبی ئالوبەیت لەپێناو جێبەجێکردنی هەمەلایەنەی پەیامەکانی خودا و فەرمانڕەوایەتی ولایەتی فەقیھ (درباره ما - روزنامه رسالت، resalat-news.com).

ڕۆژنامەکە لە سەرەتای بڵاوکردنەوەیەوە، ڕەخنەیەکی ی زۆر لە سیاسەتی حکومەت و شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەتی ئێران دەگرێت، هەر بۆیە بە هۆی ناڕەزایەتی بەرپرسانی ئێرانی و فەرماندە باڵاکانی ئێرانەوە، داوایان لە خومەینی کردووە کە ئەم ڕۆژنامەیە لە بەرەکانی جەنگدا بڵاو نەکرێتەوە (ناصر غضنفری: (٣)، امام اجازه نداد – ایرنا irna.ir). خومەینیش پشتیوانی داواکانیانی کردووە (شریفی: ١٣٩٨، نگاهی به تاریخچه روزنامه رسالت/ نزدیک به حزب مؤتلفه اسلامی (tarefeh.ir). بەڵام ئەنبارلویی ئەم هەواڵە ڕەت دەکاتەوە و باس لەوە دەکات، کە لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری ئێرانییەوە هەوڵی ئەوەدراوە کە ئەم ڕۆژنامەیە دابخرێت و خومەمەینی ڕێگری کردووە لە داخستنی (ناصر غضنفری: (٣)، امام اجازه نداد – ایرنا irna.ir).

ڕۆژنامەکە لە ئێستەشدا بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراوەی ڕیسالەت، موحسین پیرهادی بەڕێوەبەری گشتیە و مەسعوود پیرهادی سەر نووسەری ڕۆژنامەکەی (شناسنامه - روزنامه رسالت resalat-news.com ).

**تەوەری یەکەم/**

**ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ریسالەت ژمارە (٦٣٩- ٦٤٠)**

لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٦٣٩ لە ڕۆژی شەممە ٢٦ ئازاری ١٩٨٨، هەر لەسەرەتای بەشی سەرەوەی لاپەڕەکەوە، بە خەتێکی گەورە هەواڵێکی بەناونیشانی: (فتوحاتی بەرچاوی جەنگاوەرانی ئیسلام و دەنگدانەوەی نێو دەوڵەتیی تاوانی سەدام لە کۆمەڵکوژی کیمیاییبارانی کوردەکان لە باکووری عێراق) بڵاو کردۆتەوە، هەورەها دوو وێنەی شەهیدانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە چاپ کراون کە لە هەردووکیاندا وێنەی منداڵ هەیە و لە یەکێکیاندا وێنەی عومەری خاوەرە کە دواتر کراوەتە سومبولی شەهیدانی هەڵەبجە و منداڵەکەی خۆی لە باوەش گرتووە، ئەوی دیکەیشیان وێنەی دایکێکە کە منداڵەکەی لە باوەشدایە و پێکەوە شەهید بوون، ئەمەش دیارە زیاتر بۆ جووڵاندنی هەستی مرۆڤایەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بووە، ئەویش بە نیشاندانی وێنەی دایک و باوک کە منداڵیان لە ئامێز گرتووە بە هۆی کیمیاییبارانی شارەوە گیانیان سپاردووە.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە پەیامی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران (خامنەیی) لە ڕێگەی ئاغای شەهابی باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە زیمبابۆی، گەیندراوەتە ڕۆبێرت موگابی سەرۆکی ئەوکاتی زیمبابۆی کە هاوکات سەرۆکی بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن بووە و باسی لە کارەساتی هەڵەبجە و شەهیدبوونی پێنج هەزار لە دانیشتووانی شارەکەی بۆ موگابی ڕوون کردووەتەوە و داوای کردووە کە وڵاتانی بێلایەن ئیدانەی ئەم کارەی عێراق بکەن و هاوکارییەکانیان بۆ بریندارانی چەکی کیمیاوی بە ناوچەکە بگەیەنن، لە بەرامبەریشدا موگابی باسی لەوە کردووە، کە هیچ کەسێکی ژیر و خاوەن هەست، نابێت ئەم ڕووداوەی پێ خۆش بێت و وڵاتانی بێلایەنیش ئیدانەی دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەم لاپەڕەیەدا بەشێوەی سەردێڕی هەواڵ، ئاماژە بە کاردانەوە نێو دەوڵەتییەکان دەربارەی کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە کراوە و چەند هەواڵێکی لە بارەی ئیدانەکردنی وڵاتان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانەوە بڵاوکردووەتەوە و درێژەی هەواڵەکەی لە لاپەڕەکانی دواتردا ڕوون کردۆتەوە. هەریەکەیان لای خۆیانەوە، ئیدانەی هێرشەکەیان کردووە، کە بریتین لە: ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی بزووتنەوەی وڵاتانی بێلایەن، خاچی سووری نێو دەوڵەتی و وڵاتانی ئەمەریکا، فەڕەنسا لەگەڵ بەریتانیا ئەم کارەساتە ئیدانە دەکەن.

هەروەها لە دوو سەردێڕی هەواڵی دیکەدا ئەوە بڵاو کراوەتەوە، کە شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە سەردانی تاران دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵێکی لە ڕادیۆی بەلجیکاوە گواستۆتەوە، کە باس لەوە دەکات دروستکردنی چەکی کیمیایی عێراق لە لایەن ڕۆژئاواوە بووە، لەبەرئەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە بەرپرسیار لە کارەساتی هەڵەبجە دادەنێت.

لە بارەی دەنگدانەوەی کارەساتی کیمیایی بارانی هەڵەبجە لە ناوخۆی ئێرانیشدا، ڕۆژنامەکە سەردێڕی چەند هەواڵێکی بڵاو کردۆتەوە، وەک: ڕاگەیاندنی پرسەی گشتی لە ئێران لە لایەن ئایەتوڵا مونتەزەری جێگیری ئیمام خومەینی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، پێشوازی کردن لەم ڕاگەیەندراوە و پابەندبوونی هەریەکە لە: سەرۆکی دیوانی باڵای ئێران (ئایەتوڵا موسەوی ئەردەبیلی)، سەرۆک وەزیران میرحسێن موسەوی، بونیادی شەهید، کۆمیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی، کۆمەڵەی مودەڕیسین، کۆمەڵەی ڕۆحانیەتی موباریز و بەشێکی زۆری دیکە لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە، لەلایەکی دیکەشەوە باسکردنی کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە لە لایەن وتاربێژانی نوێژی هەینی ئێران، لەم بارەیەوە هەواڵێکی لەبارەی وتاری هەینی ڕۆژی ٢٥ ئازار ئایەتوڵا موسەوی ئەردەبیلی یەوە بڵاو کردۆتەوە کە باسی لەوە کردووە سووتاندنی پێنج هەزار کەس بە کیمیاییبارانکردنی شارێک، ناکرێت تەنها بەشێوەی ئیدانە کردن بێت.



JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەگەڵ ئەوەشدا، هەواڵی سەردانیکردنی بەرپرسانی ئێرانی بۆ بریندارانی چەکی کیمیایی لە نەخۆشخانەکانی ئێران بڵاوکردووەتەوە ، کە بریتی بوون لە: سەرۆک کۆمار (خامنەیی)، سەرۆکی پەرلەمان (ڕەفسنجانی)، سەرۆکی دیوانی باڵای وڵات (ئایەتوڵا موسەوی ئەردەبیلی)، سەرەک وەزیرانی ئێران میر حسێن موسەوی.

بە گشتی لەم لاپەڕەیە ١٠ هەواڵ، کورتە هەواڵ و وێنەی شەهیدان دەربارەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بڵاو کراوەتەوە. دەتوانین بڵێین کە ئەم گرنگییێدانە بە هۆی ئەوەوە بووە کە یەکەم ژمارە بووە لە دوای کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجەوە بڵاو کرابێتەوە و ١٠ ڕۆژ پاش کارەساتەکە دەرچووە، واتە هەواڵی دوای کارەساتەکە کۆکراوەتەوە و لە یەکەمین ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەکان پشووی سەری ساڵیان هەبووە و هیچ ڕۆژنامەیەك دەرنەچووە.

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ ئازاری ١٩٨٨دا چەند هەواڵ و کورتە هەواڵێک لە بارەی کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە بڵاو کراوەتەوە، سەروتاری هەمان ژمارە باس لە کارەساتی هەڵەبجە کراوە و تیایدا ئاماژە بە شەهیدبوونی پێنج هەزار موسوڵمانی کورد کراوە کە بەشێکی زۆریان ژن و منداڵ بوون و ئاماژەی بەوە کردووە، کە منداڵان لە باوەشی دایکیان دا شەهید بوون و بە پشت بەستن بە وێنە و ڕاپۆرتە هەواڵی پەیامنێران، وەك بوکەڵەیەك باسیان لێوە دەکات کە بەچاوی کراوەوە بەهۆی سەرماوسۆڵەوە ڕەق بوویێتنەوە.

لەبارەی گرنگیدانی ئەو لاپەڕەیە بە هەواڵە نێودەوڵەتیەکان، ڕۆژنامەکە چەند هەواڵێکی بڵاو کردووەتەوە و باسی سەردانی نوێنەرانی پزیشکانی بێ سنوور دەکات بۆ لای بریندارانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە کە لە نەخۆشخانەکانی ئێراندان، وە لە ئوتێل لالەی تاران لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ پەیامنێران، باسیان لەوە کردووە کە گازی سیانوور و خەردەل لە هەڵەبجە بەکارهاتوون، دیارترین ئەو دکتۆرانەش بریتی بوون لە: دکتۆر ئەمیلیانۆی هۆڵەندی، دکتۆر مووسڵسی بەلجیکی و دکتۆر ئەریک ڕۆمز، لە درێژەی هەواڵەکەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەم لیژنەیە لەسەر داوای نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەریتانیا و باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە برۆکسل ئەم سەردانەیان ئەنجام داوە.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا باس لە نامەی کۆمەڵەی ئیسلامی ئەفغانستان کراوە، کە بۆ دکتۆر عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئێران نێردراوە و تیایدا باسی لە هێرشی کیمیایی عێراق بۆ سەر هەڵەبجە دەکات. ئەو بەتوندی ئەو کارەی ڕژێمی عێراقی شەرمەزار کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەواڵێکی نیویۆرك تایمزیش بڵاو کراوەتەوە، کە تیایدا کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجە بە تاوانی جەنگی ناو دەبات.

لە هەواڵە نێوخۆییەکانی ئێرانیشدا، هەواڵێك لەبارەی ناردنی نامەیەکب ڕەفسنجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بۆ سەرۆک پەرلەمانەکانی دونیا بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کردووە، هەروەها ناردنی نامە لە لایەن ئایەتوڵا موسەوی ئەردەبیلی سەرۆکی دیوانی باڵای ئێرانەوە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە تیایدا بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە هێرشی کیمیاییبارانی عێراق بۆ سەرهەڵەبجە بە نابەرپرسانە وەسف دەکات.

هەروەها چەند هەواڵێکی لە ناوخۆی ئێرانیش بڵاو کردووەتەوە وەک: دانانی پرسەی شەهیدانی هەڵەبجە لە مزگەوتی ئەرک لە شاری تاران، بۆ پشتیوانیکردنی ڕاگەیەندراوی پرسەی گشتی لە ئێران بۆ شەهیدانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە، هەریەك لە ئایەتوڵا گوڵپایگانی و مەرعەشی نەجەفی ڕۆژێك خوێندنگەکانی خۆیانیان داخستووە.

بەشێوەیەکی گشتی، لەم لاپەڕەیەشدا، لە ٨ بابەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا و لە چوارچێوەی ڕاپۆرت و کورتە هەواڵدا، باس لە کیمیاییبارانی هەڵەبجە کراوە.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**تەوەری دووەم/**

**ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە لە لاپەڕەی هەواڵی ناوخۆیی ڕۆژنامەی ریسالەت ژمارە (٦٣٩- ٦٤٠)**

ڕۆژنامەکە لاپەڕەی دووەمی ژمارەی ڕۆژی ٢٦ ئازار ١٩٨٨ تایبەت کردووە بە هەواڵە نێوخۆییەکانی ئێران و تێیدا چەندین هەواڵی ناوخۆیی ئێرانی بڵاوکردووەتەوە لەم لاپەڕەیەدا ژمارە یە ك هەواڵی پەیوەست بە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە بەرچاو دەکەون. یەکێك لەو هەواڵانەی کە دەنگدانەوەی زۆری لە تەواوی ئێراندا هەبوو، ڕاگەیاندنی پرسەی گشتییە لەلایەن ئایەتوڵا مونتەزەری جێگری ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە بۆنەی کۆمەڵکوژی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە و شەهیدانی فەلەستین.

لە دەقی ڕاگەیەندراوەکەدا، ڕۆژی شەممە ٢٦ ئازار بە پرسەی گشتی لە ئێراندا ڕادەگەیەنێت، سەرباری ئەوەش، کە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە بە کۆمەڵکوژی ناو دەبات، ڕەخنە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەگرێت، کە ئەگەرچی هەوڵی زۆریان دا ئەم کارەساتە بچووک بکەنەوە و گرنگی پێنەدەن و لە پشتیوانییەکانیان بۆ ڕژێمی عێراق بەردەوام بن، بەڵام ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی ناوخۆی هەڵەبجە و وێنە و فلیمەکان گەورەیی کارەساتەکە نیشاندەدەن و دەبێت هەموو مرۆڤێک لە دڵەوە ئازار بچێژێت، هەروەها پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خانەوادەی شەهیدان، پیاوانی ئاینی، زانایانی کوردستان، گەنجان و لاوان و تەواوی ئازادیخوازان دەکات و هەر بەو بۆنەیەشەوە ڕای دەگەیەنێت کە ڕۆژی شەممە لە مزگەوتی گەورەی شاری قوم پرسە دادەنرێت.

ئەم ڕاگەیەندراوەی ئایەتوڵا مونتەزەری، دەنگدانەوەی زۆر لە ناوخۆی ئێراندا دروست دەکات و پرسەی گشتی لە وڵاتدا ڕادەگەیەنرێت و ناوەند وکۆمەڵە و ڕێکخراوە جیاوازەکانی ئێران بە گشتی پشتیوانی لێدەکەن. ڕۆژنامەی رسالت لای خۆیەوە ڕوماڵی هەندێك لە هەواڵەکانی کردووە، بۆ نموونە ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی (جامیعەی ڕوحانیت مبارز/ کۆمەڵەی پیاوانی ئاینی خەباتکار) تارانی بڵاوکردووەتەوە، کە پشتیوانی و پابەندبوونی خۆیان بە پرسەی گشتییەوە ڕادەگەیەنن و لە دەقی ڕاگەیەندراوەکەیاندا کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی بەغداد و بێدەنگی و نکۆڵیکردن لە کارەساتەکە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە شەرمەزار دەکات.

لە هەواڵێکی دیکەدا، ڕێکخروی (جامیعەی مدرسین حوزە علمی قم/ کۆمەڵەی وانەبێژانی زانستگەی قوم) پشتیوانی لە ڕاگەیەندراوەکەی ئایەتوڵا مونتەزەری دەکەن و ڕایدەگەیەنن، کە لە ڕۆژی پرسەی گشتیدا، وانەکان و پۆلەکانیان دادەخەن و وانە ناخوێنن، ئاماژە بەوەش دەکەن، کە ڕژێمی عێراق هەزاران کوردی موسوڵمانی بێچەکی لە شاری هەڵەبجە کیمیاییباران کردووە.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا، باس لە ڕاگەیەندراوی چەند ناوەندێکی دیکەی ئێرانی دەکات بۆ ڕاگەیاندنی پرسەی گشتی وەک: ئەنجومەنی وەزیران، کە ڕایگەیاندووە ڕۆژی شەممە پرسەی گشتی دەبێت لە ئێران، هەروەها لە لایەن



JSH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەریەك لە ئایەتوڵا موسەوی ئەردەبیلی سەرۆکی دیوانی باڵای وڵات، بونیادی شەهید، ئەنجومەنی ناوەندی ئەسنافی تاران، کۆمیتەی هاوکاری و بەدەمەوەچوونی (ئیمداد) ئیمام خومەینی پرسەی گشتی ڕادەگەیەنرێت. ڕۆژنامەکە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ئیمدادی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا باس لەوە دەکات کە پێشوازی لە ڕاگەیەندراوەکەی ئایەتوڵا مونتەزەری دەکەن و بەشداری پرسەی گشتی دەکەن.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەی هەمان لاپەڕەدا، فەتوایەکی ئیمام خومەینی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەبارەت بە شەهیدەکانی هەڵەبجە بڵاوکراوەتەوە کە وەڵامێکە بۆ فەرماندە سەربازییەکانی ئێران لە هەڵەبجە کە پرسیاری ئەوە دەکەن چۆن مامەڵە لەگەڵ شۆرین و کفنکردنی شەهیدەکانی هەڵەبجەدا بکەن لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆریان ئافرەتن و کەسی مەحرەمیان لەگەڵدا نییە؟ ئایەتوڵا خومەینی لە وەڵامدا باس لەوە دەکات کە شەهیدانی هەڵەبجە دەکرێت بە پۆشاکی خۆیانەوە ئەسپەردەی خاك بکرێن.

هەروەها لە وەڵامی پەیامی پیرۆزبایی فەرماندە ئێرانیەکان بە بۆنەی سەرکەوتنی هێرشی سەر هەڵەبجە (عملیات والفجر ١٠) ئیمام خومەینی باس لەوە دەکات، کە سەلامی خۆی و میللەتی ئێران بە ناوچە کوردنشینە ئازادکراوەکان بگەیەنن و بە خەڵکی بڵێن، کە: (سەدام چۆن سەرشێتانە ئێوە و شارەکانتان بە چەکی کیمیایی و بۆمبی هێشویی بۆمباران دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن بە ڕاگەیەندراوە ژەهراوییەکانیانەوە لەم تاوانەی سەدام ناپرسنەوە و گرنگی بە کارەساتەکە نادەن).

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا، کە لە وتارێکی میرحسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێرانەوە وەرگیراوە کە بەناونیشانی: (سەدام بە کوشتاری خەڵکی هەڵەبجە بە دونیا نیشان دەدات، کە بانگەشەی چ جۆرە ئاشتەواییەک دەکات)، لە درێژەی هەواڵەکەدا باس لەوەدەکات کە سەدام بە کیمیاییبارانی خەڵکی کوردی هەڵەبجە، نەنگییەکی گەورەی لە مێژووی دڕندەیی خۆی و دونیادا تۆمار کرد، باسی لەوەش کردووە کە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو نەنگیەی کە سەدام خستیە دامەنیانەوە، فەرامۆش ناکەن.

هەروەها لە بارەی سەردانی بەرپرسانی ئێران بۆ نەخۆشخانەکان و بە سەرکردنەوەی بریندارانی چەکی کیمیایی، لە هەواڵێکدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئایەتوڵا مووسەوی ئەردەبیلی سەرۆکی دیوانی باڵای ئێران، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە سەردانی بریندارانی کردووە و لەگفتوگۆ لەگەڵیاندا، برینداران رق و قینی خۆیان بەرامبەر ڕژێمی عێراق دەربڕیوە، لە هەمان هەواڵدا ئاماژە بە کەسایەتییەکانی وەک: خامنەیی، هاشمی ڕەفسنجانی و میرحسێن موسەوی کردووە، کە لە کاتی جیاوازدا سەردانی بریندارانی چەکی کیمیاییان کردووە.

شیاوی باسە لەم لاپەڕەدا، لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانین بڵێین زۆرینەی ڕەهای هەواڵەکانی لاپەڕەکە تایبەت کراوە بە باسی هێرشی ئێران بۆسەر ناوچەی هەڵەبجە (عەمەلیاتی وەلفەجری ١٠) و سەرکەوتنەکانی ئێران لەو هێرشەدا،

ژمارەیەکی دیاریان تایبەت کراوە بە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە و کاردانەوە نێوخۆییەکانی ئێران و بەگشتی لە ٨ بابەتی جودادا، هەواڵ و ڕاگەیەندراوی تایبەت بە کارەساتی هەڵەبجە بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ ئازار ١٩٨٨ دا، لاپەڕەی دووەمی تایبەت کردووە بە هەواڵە نێوخۆییەکانی ئێران و تێیدا چەندین هەواڵی ناوخۆیی ئێرانی بڵاو کردووەتەوە وە هەندێک لەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی ناوخۆی ئێران باس لە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە دەکەن و لەم لاپەڕەیەدا چەندین هەواڵ لە بارەی ئەو کارەساتەوە بەرچاو دەکەون.

هەر لە بەشی سەرەوە و لە ناوەڕاستی لا پەڕەکەدا و بە خەتێکی گەورە هەواڵێکی بەناونیشانی: (سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی پەرلەمانەکانی دونیا، تاوانی کارەساتباری هەڵەبجە ڕوون دەکاتەوە)، هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لەو پەیامەی دا داوا لە تەواوی سەرۆک پەرلەمانی وڵاتانی دونیا دەکات کە تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێچەکی هەڵەبجە ئیدانە بکەن، لە دەقی پەیامەکەیدا کارەساتی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە وەك تاوانێکی بێ وێنە باس دەکات کە لە دونیادا و تەنانەت لە کارەساتەکانی وەک هێرۆشیما و ناکازاکی و کوشتاری ئۆردوگانشینەکانی جوولەکە لە لایەن هیتلەرەوە، تاڵتر و نەفرینلێکراوتر وێنا دەکات، ڕەخنەی ئەوەش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێت، کە گرنگی بە کارەساتەکە نادەن و هەوڵدەدەن بە چاوێکی ئاساییەوە لەو کارەساتە بڕوانن و هیچ بە دەمەوە هاتنێکیان بۆ بریندارا ن و ئاوارەکانی هەڵەبجە نییە، لە درێژەی ڕەخنەکانیدا باس لەوە دەکات، کە هەندێک لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و فەڕەنسا هەوڵی ئەوە دەدەن، کە تاوانی کیمیاییباران لەسەر عێراق لا بدەن و هزری گشتی تووشی دڵەڕاوکێ بکەن و لە بەرامبەریشدا وڵاتی ئێران بەو تاوانە تۆمەتبار بکەن.

لە کۆتایی پەیامەکەشدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لەگەڵ پەیامەکەدا کاسێتێکی فلیم لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ سەرۆکی پەرلەمانەکان نێردراوە بە مەبەستی ئەوەی، کە ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتەکەیان گۆشەیەک لە تاوانەکانی ڕژێمی سەدام بینن و هەستن بە ئەرکی خۆیان لە بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ وببینن، کە ژن و منداڵانی هەڵەبجە چۆن کۆمەڵکوژ کراون.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا ئاماژە بە نامەیەکی سەرۆکی دیوانی باڵای ئێران دەکات، کە لەبارەی کیمیابارانی هەڵەبجە وە دەینێرێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و تیایدا ئایەتوڵا مووسەوی ئەردەبیلی باس لەوە دەکات، کە شەهیدکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠ دانیشتووانی بێچەکی هەڵەبجە و کیمیاییباران کردنیان و نەبوونی هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە و لەهەمانکاتدا بێدەنگی و چاوپۆشی گشتی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی نا بەرپرسانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، مایەی نیگەرانی و پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکانە.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژە بە شەهید بوونی ٤ لە بریندارانی کیمیایی هەڵەبجە دەکات، کە سیانیان خەڵکی هەڵەبجەن بە ناوەکانی: هەورامان عەبدولقادر ٦ساڵە، زەکیە محەممەد سالّح ٢٤ ساڵە و منداڵێکی پێنج ساڵانە کە نەناسراوەتەوە، ئەوی دیکەشیان ئێرانییە و بەناوی ئەسغەر فەجاوەند کە لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا بریندار بوبوو.

هەروەها لە پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە تارانەوە، هەواڵێك لەبارەی ئۆسقوفی باڵای ئەرمەنییەکان (ئورڤاك مایۆکیان) بڵاوکراوەتەوە، کە تاوانی ڕژێمی سەدام لە شاری هەڵەبجە بە توندی شەرمەزاردەکات و بە کۆمەڵکوژی ناوی دەبات و ڕایدەگەیەنێت کە ئەرمەنییەکان خۆیان بەهاوبەشی خەمی ئەم کارەساتە گەورەیە دەزانن.

هەر سەربارەت بە دانانی پرسە بۆ شەهیدانی هەڵەبجە لە شارە جیاوازەکانی ئێراندا، هەواڵێک لەبارەی پرسەی شاری قوم بڵاوکراوەتەوە، کە ئایەتوڵا مونتەزەری دایناوە و تیایدا چەندین کەسایەتی ئایینی، حکومی و کۆمەڵایەتی بەشدارییان تێدا کردووە، پرسەکە لە مزگەوتی گەورەی قوم دانراوە کە تیایدا ئایەتوڵا مشکینی سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و وتاربێژی نوێژی هەینی شاری قوم، حوجەتولئیسلام حەسەنی سانعی نوێنەری خومەینی، نوێنەرانی ئایەتوڵا گوڵپایگانی و مەرعەشی نەجەفی، ئەندامانی جامیعەی مودەڕیسین و حەوزەی عیلمی قوم، سەرۆك و ئەندامانی مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و کۆمەڵەی ڕوحانییەتی موباریزی عێراق، چەندین نوێنەر و ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەری ئوسقوفی گەورەی ئەرمەنی بەشدارییان تێدا کردووە.

هەر لە پرسەکەدا کەسایەتی دیاری ئێران حوجەتولئیسلام فەلسەفی وتارێک پێشکەش دەکات و تیایدا سەرباری ئاماژەدان بەوەی، کە هەزاران کەس بە هۆی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە شەهید بوون، بێدەنگی و نابەرپرسیارێتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وڵاتانی بەناو ئیسلامی بەڕاگەیاندی شەڕ لە دژی خودا ناو دەبات.

لە هەواڵێکی دیکەدا باس لە دانانی پرسە لە مزگەوتی ئەرگی شاری تاران دەکات کە تیایدا چەندین کەسایەتی وەک حوجەتولئیسلام ڕەسووڵی مەحەلاتی نوێنەری ئیمام خۆمەینی، حوجەتولئیسلام ئاژەیی نوێنەری سەرۆک وەزیران، چەند وەزیر و ئەندامی پەڕلەمان و بەرپرسانی باڵای سوپایی و لەشکری ئێران و نوێنەرانی کورد و عەرەبی عێراق تیایدا بەشدارییان کردووە، لە مەراسیمەکەدا حوجەتولئیسلام ئەنساری وتارێک پێشکەش دەکات و تێیدا ئاماژە بە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی لەم لاپەڕەیەشدا، دەتوانین بڵێین نیوەی زیاتری لاپەڕەکە تایبەت کراوە بە بابەتی کارەساتێ کیمیاییبارانی هەڵە بجە و لە درێژەی ٦ هەواڵی جیاوازدا دراڕێژراون.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## تەوەری سێیەم:

## ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە لاپەڕەی سیاسی ڕۆژنامەی ریسالەت ژمارە (٦٣٩- ٦٤٠)

ڕۆژنامەی ڕیسالەت لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ ئازار ١٩٨٨ دا هەردوو لاپەڕە ٣ و ٤ ی تایبەت کردووە بە لاپەڕەی سیاسی، لاپەڕە ٣، بە شێوەیەکی گشتی ٣ بابەتی لە خۆ گرتووە کە بریتین لە پەیامی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران (خومەینی) و سەرۆک کۆماری ئێران (خامنەیی) بە بۆنەی نەورۆزەوە، بابەتی سێیەمیش کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران و لە هەمان کاتدا نوێنەری خومەینی لە ئەنجومەنی باڵای بەرگری، لە دوانیان دا باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کراوە.

خومەینی، لە پەیامەکەیدا سەرباری باسکردنی ژمارەیەك بابەت لە باسی کارەساتی هەڵەبجەدا، هێرش دەکاتە سەر سەدام حسێن و بە ئاژەڵ وێنای دەکات و بە کیمیابارانکردنی خەڵك و خاکی خۆی تاوانباری دەکات. هەروەها هاشمی ڕەفسنجانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەیدا، بە ئامادەبوونی پەیامنێرانی ئێرانی و بیانی لە باسی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، سەرباری شەرمەزارکردنی کەمتەرخەمیەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سوپاسی پەیامنێران دەکات، کە سەردانی ناوچە کارەساتبارەکانیان کردووە و لەهەمان کاتیشدا کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە تاوانێکی بێ وێنە وەسف دەکات، باس لەوە دەکات، کە لەوانەیە تاوانی لەوشێوەیە لە دونیادا ڕووی نەدابێت، کە وڵاتێک گازی کیمیایی بەرامبەر خەڵک و خاکی خۆی بەکار بهێنێت.

ڕەفسنجانی لە درێژەی وەڵامی پەیامنێراندا، سەرباری ئەوەی کە سوپاسی ئەمریکا دەکات بەرامبەر ئەوەی کە ئەم تاوانەی شەرمەزار کردووە، هاوکات ڕەخنە لە ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکەش دەگرێت کە پشتیوانی ڕژێمی عێراق دەکەن و ئەو بانگەشەیەیان ڕەتدەکاتەوە کە ئێران گازی کیمیایی لە ناوچەکە بەکارهێنابێت. باس لەوەش دەکات، کە بەڵگەیان لە بەردەستدایە کە حکومەتی عێراقی ئەو گازەی لە شاری هەڵەبجە بەکارهێناوە، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ڕژێمی عێراق لە وەڵامی بەرپرسێکی عێراقی دا کاتێك باسی لەوە کردبوو، کە خەڵکی هەڵەبجە ئامادە نین چەک دژی ئێرانییەکان هەڵگرن، پێی ڕادەگەیەنن، کە ئەو خەڵکە لە زووترین کاتدا سزا دەدرێن.

هەروەها لە لاپەڕە ٤ ی ڕۆژنامەکەدا بە دوور و درێژی ڕوماڵی وتارێکی خامنەیی سەرۆک کۆماری ئێران کراوە کە لە شاری مەشهەد پێشکەشی کردووە، تیایدا سەرباری شەرمەزارکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقە وە، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە ڕژێمی عێراق لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربکەن و ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ڕژێمی عێراق دووچاری تاوانێک بووە کە بە درێژایی مێژوو ڕووی نەداوە، ئەم تاوانەش لە بەرامبەر گەلی کوردی عێراق ئەنجامدراوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە بەرامبەردا بێدەنگی هەڵبژاردووە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بە شێوەیەکی گشتی لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکە و لە لاپەڕەکانی ٣، ٤ ی تایبەتکراو بە لاپەڕەکانی سیاسی، گرنگی تایبەت بە کارەساتی هەڵەبجە دراوە و لەسەر زاری هەر یەک لە ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی و سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کراوە.

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ ئازار ١٩٨٨ دا، لاپەڕەی ٣ تایبەتکراوە بە لاپەڕەی سیاسی و لەچەند بابەتێکدا، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی باسکردووە. لە یەکێک لە بابەتەکانی دا چاوپێکەوتنێکی میر حوسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی ئێران ڕوماڵ دەکات، کە لەگەڵ بەشی هەواڵی کەناڵی تەلەفزیۆنی دووی تورکیا لە بارەی کارەساتی هەڵەبجە و هەڵوێستەکانی ئێران ئەنجامی داوە. باس لەوە دەکات کە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بزانن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش هەڵوێستیان چۆن دەبێت بەرامبەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئاماژەی بەوە کردووە کە وەڵامی ئێران پەیوەست دەبێت بەو هەڵوێستەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

هەروەها لە دوو ڕاپۆرتی جیاوازیشدا دوو هەواڵی دیکەی لە ئەفغانستانەوە گواستووەتەوە کە یەکێکیان بەیاننامەی ڕاگەیەندراوی پاسدارانی جیهادی ئیسلامی ئەفغانستان، کە تاوانی ڕژێمی عێراق و کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە توندی شەرمەزار دەکات، لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پشتیوانی داواکاریەکەی ئایەتوڵا مونتەزەری دەکەن و لای خۆیانەوە پرسە بۆ شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە دادەنێن.

ڕاپۆرتەکەی دیکەشیان پەیامێکی ئەنجومەنی هاوپەیمانیی ئیسلامی ئەفغانستانە، کە بەتوندی ڕەفتارە دڕندانەکانی ڕژێمی بەعس لە دژی شاری هەڵەبجە شەرمەزار دەکات و هاوخەمی و هاودەردی خۆیان بۆ خوشک و برایانی کوردی موسوڵمان لە عێراق ڕادەگەیەنن و هێرشەکان بۆ ناوچە مەدەنییەکان بە تاوانێکی گەورەی جەنگی ڕژێمی سەددامی عەفلەقی وێنا دەکات. لە درێژەی ڕاپۆرتەکە دا ئاماژە بەوەشکراوە کە چەندین کەسایەتی ئایینی و بزووتنەوە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕیە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان، بە بڵاوکراوە و ڕاگەیەندراوی جیاواز، سەرباری شەرمەزارکردنی تاوانی کارەساتباری ڕژێمی بەعس لە هەڵەبجە، ئامادەی پرسەی شەهیدانیش دەبن لە ناوچە جیاوازەکانی ئەفغانستان.

لەم لاپەڕەیەشدا، بەگشتی لە سێ بابەت و ڕاپۆرتە هەواڵی ڕۆژنامەکەدا گرنگی بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دراوە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**تە وە ری چوارەم:**

**ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەی ریسالەت ژمارە (٦٣٩-٦٤٠)**

ژمارەی ڕۆژی ٢٦ ئازار ١٩٨٨ ڕۆژنامەی ریسالەت لاپەڕە ١٠ ی تایبەتە کردووە بە ڕوماڵی هەواڵی کۆمەڵایەتی، کە بە گشتی ڕوماڵی چوار هەواڵی کردووە و لە هەر چواریاندا ئاماژەی بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کردوە. سێ لە هەواڵەکان ڕوماڵی وتارەکانی نوێژی هەینی شارەکانی تاران و قوم دە کات و چوارە میان باسی ژمارە ی قوربانیانی کارە ساتە کە یە.

هەواڵی یەکەم ڕوماڵی وتاری نوێژی هەینیە لە زانکۆی تاران، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٨ ئازار ١٩٨٨ کە هاوکات کۆتا هەینی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بووە. وتارەکە بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری نوێژخوێن و لە زانکۆی تاران و لەلایەن ئایەتوڵا خامنەیی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران و لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرگری و وتاربێژی نوێژی هەینی تاران پێشکەشکراوە.

خامنەیی لە وتارەکەیدا سەرباری باسکردنی بارودۆخی ناوخۆی ئێران و دونیا و بەرەکانی جەنگ و هەڵوێستەکانی ئێران لە بەرامبەر دۆست و نەیارانی، لە بەشی دووەمدا و لە باسی گرنگی سەرکەوتنەکانی ئێران لە هێرشی سەر هەڵەبجە (عەمەلیاتی وەلفەجری ١٠)، باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات و نیگەرانی ئێران دەردەبڕێت لەوەی ڕژێمی تاوانکاری بەغداد لەم ڕۆژانەدا دانیشتووانی شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیایی بۆمباران کردووە، لە هەمان کاتدا باس لە هاوکارییەکانی ئێران بۆ خەڵك و بریندارانی شاری هەڵەبجە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەتوندی ڕەخنە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێت، کە سەبارەت بەم تاوانە بێدەنگیان هەڵبژاردووە و ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێست و پەرچەکرداری توندیان لە دژی ئەم تاوانەی ڕژێمی عێراق نەبێت، ئەوە ئابڕووی خۆیان دەبەن.

هەواڵی دووەم کە ڕوماڵی وتاری یەکەمین هەینی ساڵی نوێی هەتاویە (١٣٦٧)، بەرامبەر بە ٢٥ ئازار ١٩٨٨ و بە ئامادەبوونی ملیۆنان نوێژخوێن، لە لایەن ئایەتوڵا مووسەوی ئەردەبیلی سەرۆکی دیوانی باڵای ئێران ووتارخوێنی کاتی تاران، لەشاری تاران و لە نێو زانکۆی تاران دا پێشکەشکراوە.

بە پێی ڕوماڵی ڕۆژنامەکە، پێش دەستپێکردنی وتاری هەینی، حوجەتولئیسلام محەممەد باقر حەکیم سەرۆکی ئەوکاتی ئەنجومەنی باڵا (مەجلیسی ئەعلا)ی شۆڕشی ئیسلامی عێراق، وتاری خۆی پێشکەشکردووە و سەرباری باسکردن لە هێرشەکانی سەر هەڵەبجە و کاریگەرییەکانی، باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو تاوانەی ڕژێمی عیراق لە شاری هەڵەبجە ئەنجامی داوە، لە مێژوودا وێنەی نەبووە. تەنانەت باسی لەوەش کردووە کە لە سەردەستی هیتلەر و مەغۆلیشدا کارەساتی لەو شێوەیە ڕووی نەداوە و ئاماژە دەکات بەوەی کە لە مێژوودا نەبووە ڕژێمێک باس لە بەرگریکردن لە مافی گەلی خۆی بکات، بەڵام تاوانێکی بەو شێوەیە لە بەرامبەر گەلەکەیدا ئەنجام بدات و منداڵی شیرەخۆر و بە تەمەنەکان و تەنانەت گیاندار و ئاژەڵەکانی ناوچەکە بە گازی کیمیایی



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەناو بات. لە درێژەی وتارەکەیدا ڕەخنە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بێدەنگیان بەرامبەر کارەساتەکە دەگرێت و باس لەوە دەکات ئەم بێدەنگیە ئەوە دەسەلمێنێت کە هاوکاری ڕژێمی عێراقن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە لایەن زلهێزەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، ئەوە دەخاتە ڕوو ئەگەر بەو شێوەیە نەبووایە، ئەوا ڕژێمی عێراق نەیدەتوانی تاوانێک بەو گەورەییە بەرامبەر بە گەلەکەی خۆی ئەنجام بدات.

دواتر، ئایەتوڵا موسەوی ئەردەبیلی لە وتارەکەیدا، سەرباری ئەوەی کە بە توندی شەرمەزاری تاوانی ڕژێمی سەدام دەکات، ڕوو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات و داوا دەکات هەڵوێستی ڕوون و ڕاشکاویان هەبێت و گەمارۆی چەکدارکردن بخەنە سەر حکوومەتی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواوەتی نیگەرانی خۆی لە لاوازی هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەردەبڕیت بەرامبەر بە تاوانەکە و پرسیار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات و دەڵێت: "ئایا دەکرێت ئاگرتێبەردانی ٥٠٠٠ کەس تەنها بە چەند وشەیەکی وەك نیگەرانم، پێم ناخۆشە و ئیدانە دەکەم کۆتایی پێ بهێنرێت؟" ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر بڕیار بێت پەرچەکردارەکان لەو ئاستەدابن، ئەوە ڕژێمی عراق ئامادەیە تاوانی دیکەش ئەنجام بدات.

لەکۆتاییدا، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە بە هانای برینداران و ئاوارەکانی خەڵکی هەڵەبجەوە بێن و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن، چونکە کارەساتەکە بە ڕادەیەک گەورەیە کە ئێران بە تەنها ناتوانێت پێداویستییەکان دابین بکات.

یەکێکی دیکە لەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامەکە ڕوماڵی کردووە، وتاری یەکەم هەینی ساڵی نوێی هەتاوی (١٣٦٧) ی ئایەتوڵا مشکینی لە مزگەوتی گەورەی شاری قوم بووە. ئایەتوڵا مشکینی سەرباری باسکردنی بارودۆخی ناوخۆی ئێران، باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات و ڕەخنەی توندیش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێت کە بە دەمەوە هاتنیان بەپێی پێویست نەبووە و ڕاگەیاندووە کە ناکرێت شەهیدکردنی هەزاران کەس بەو سادەییە لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تێپەڕێت.

دوایین هەواڵی لاپەڕەکە وتارێکە بەناونیشانی (بەهۆی کاریگەری کیمیابارانی هەڵەبجەوە، سەدان کەس لە خەڵکی هەڵەبجە کوژراون)، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژی هەینی ١٨ ئازار ١٩٨٨، بە هۆی کاریگەری کیمیاییەکەوە خەڵکانێکی زۆر لە شاری هەڵەبجە شەهید بوون کە لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ بەدی دەکرێت.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها لە هەردوو گوندی عەنەب و زەمەقی، ٣٥٧ کەس لە "موسوڵمانانی ستەملێکراوی کورد" شەهید بوون و سەدانی دیکەش بریندار بوون. لەوەش زیاتر، باسی لەوە کردووە کە لەو کاتەدا دەستکراوە بە گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەکان بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری سەرەتایی و بە خاک سپاردنی شەهیدەکانیش دەستپێکردووە.

بە گشتی لەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا، ٤ هەواڵ ڕوماڵ کراوە و لە هەر چواریان دا باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کراوە، سیانیان وتاری هەینین و ئەوی دیکەشیان هەواڵێکە تایبەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**تەوەری پێنجەم:**

**ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیابیبارانکردنی هەڵەبجە لە لاپەڕەی هەواڵی پارێزگاکان لە ڕۆژنامەی ریسالەت ژمارە (٦٣٩- ٦٤٠)**

ڕۆژنامەکە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ ئازار ١٩٨٨ دا، لاپەڕەی ١٠ ی تایبەت کراودووە بە هەواڵە پارێزگاکانی ئێران و ڕوماڵی هەواڵی ژمارەیەك پارێزگای ئێرانی کردووە لە دانانی پرسە بۆ شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە، چەندین هەواڵی ناوخۆیی لە پارێزگاکانی ئێرانی بڵاو کردووەتەوە و لە هەندێکیاندا باس لە کارەساتی کیمیابیبارانی هەڵەبجە دەکەن و چەند هەواڵێك لەوبارەیەوە بەرچاو دەکەوێت.

سەرەتا لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەکەدا و بە گەورەیی هەواڵی تەلەگرامی وتاربێژی نوێژی هەینی شاری سمنان (حوجەتولئیسلام ئەختەری) نوێنەری خومەینی لە پارێزگاکە بڵاو کراوەتەوە، کە تیایدا کارەساتی کۆمەڵکوژی بێبەزەییانەی موسوڵمانانی فەلەستین و کوردانی عێراقی لە شاری هەڵەبجە بە هۆی کیمیابیبارانی شارەکەوە لە لایەن سەدامەوە شەرمەزار دەکات و پرسە و سەرەخۆشی لە ئایەتولا خومەینی دەکات و پابەندیی خۆی بە ڕۆژی پرسەی گشتی لە سەرانسەری ئێراندا ڕادەگەیەنێت.

هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا لەژێر ناونیشانی: (خوێندنگاکانی ئایەتوڵایان کوڵپایگیانی و مەرعەشی نەجەفی و حەوزەی عیلمی قوم پشتیوانی لە پرسەی گشتی ڕادەگەیەنن و وانەکانیان دادەخەن)، بە ئاماژەدان بە دانانی پرسە لە پارێزگاکانی ئێران، ڕوماڵی پرسەی پێنج لە پارێزگاکانی ئێران دەکات وەك: پارێزگای قوم کە لەلایەن هەر یەک لە ئایەتوڵا گوڵپایگیانی و مەڕعەشی نەجەفی پرسەکە بەڕێوە چووە و هاوخەمی خۆیان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بریندارانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە دەربڕیوە، لەهەمان کاتیشدا، وانەکانی خۆیانیان داخستووە. لە درێژەی هەواڵەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە تەواوی دوکاندارەکان و خەڵکانی کاسبی ناوبازاڕ لە شاری قوم، هەموان دوکانەکانیان داخستووە و بە گشتی بەشدارییان لە پرسەی شەهیدانی هەڵەبجەدا کردووە.

هەروەها بۆ هەمان مەبەست لە شاری بەندەرعەباس لەلایەن  پارێزگاری هورمزگان، ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینی و بنەماڵەی شەهیدان لە مزگەوتی ناسری شاری بەندەرعەباس پرسە دادەنرێت و بەرپرسی نووسینگەی ئیمام خومەینی لەنێو هێزی دەریایی سوپای پاسداراندا بەشداری دەکات و وتارێک پێشکەش دەکات و هاوخەمی خوی بۆ کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە دەردەبرێت.

لە شاری شەهری کوردیش مەراسیمی پرسە لە مزگەوتی ئیمام سادق لە لایەن حوجەتولئیسلام ناسری (نوێنەری ئیمام خومەینی و وتاربێژی نوێژی هەینی شاری شەهری کورد) دادەنرێت و ئەندامانی حەوزەی عیلمی شەهری کورد بەشداری لە پرسەکەدا دەکەن. لە شاری یەزدیش لە لایەن ئایەتوڵلا خاتەمی نوێنەری ئیمام خومەینی لە پارێزگای یەزد



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

و وتاربێژی نوێژی هەینی ئەو شارە پرسە دادەنرێت و هەر یەکە لە پارێزگاری یەزد و بەرپرسانی کارگێڕی و جێگرانی پارێزگار بەشداری تێدا دەکەن و حوجەتولئیسلام ڕاشید سەرپەرشتیاری بونیاد شەهیدی ئینقیلابی ئیسلامی تێیدا وتارێك پێشکەش دەکات. هەروەها لە شاری تەبرێزیش بە ئامادەبوونی ئایەتوڵا مەلەکوتی نوێنەری ئیمام خومەینی لە ئازەربایجان و ئەندازیار پەرهیزکار پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات پرسە دادەنرێت و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بەشداری لە پرسەکەدا دەکەن.

لەهەمان لاپەڕەدا هەواڵێکی دیکەی تێدا بڵاو کراوەتەوە کە سەربازە بە دیلگیراوە عێراقییەکان کە لە ئۆردوگای تۆبەکارانی زیندانییان لە شاری سمنان جێگیر کراون، سەرەڕای پابەندبوونیان بە ڕاگەیاندنی پرسەی گشتی لە ئێران و شەرمەزارکردنی عێراق لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە، بە خوێنی خۆیان واژۆیان کردووە کە ئامادەن بڕۆنە بەرەکانی جەنگ و دژی سوپای عێراق بجەنگن و تۆڵەی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕژێمی عێراق بکەنەوە.

لە هەواڵێکی دیکەدا باس لە سەردانی پزیشکان و پەیامنێران دەکات بۆ شاری هەڵەبجە و لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە پزیشکەکان ئەندامی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور و پەیامنێرانی ئیتالی بوون و سەردانیان بۆ ناوچەی هەڵەبجە و گوندی عەنەب کردووە و نموونەیان لە خاکی ناوچەکە و جەستەی شەهیدەکان وەرگرتووەو لە شاری کرماشان سەردانی بریندارانی چەکی کیمیاییان کردووە. یەکێک لە پەیامنێران بەناوی ئۆیل جۆرنۆ کە خەڵکی ئیتالیایە لە گفتوگۆی لەگەڵ پەیامنێرە ئێرانییەکان باسی لەوە کردووە کە ئەم تاوانەی ڕژێمی عێراق ئەنجامی داوە، لە دڕندەترینی تاوانەکانە و لە ژیانیدا تاوانی بەو شێوەیەی نەدیوە، کە ژن و منداڵ و پیاو بە چەکی کیمیایی شەهید بکرێن و لەسەر شەقام و ڕێگاکانی گوندی عەنەب بەسەریەکدا بکەون.

ئەوەی شیاوی باسە لەم لاپەڕەیەشدا، لە چوارچێوەی چوار هەواڵی سەربەخۆدا باس لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کراوە و لە یەکێک لە هەواڵەکاندا هەواڵی دانانی پرسە بۆ شەهیدانی هەڵەبجە لە پێنج پارێزگای ئێران ڕوماڵ کراوە.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

### تەوەری شەشەم:

### ڕەنگدانەوەی کارەساتی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە لە لاپەڕەی هەواڵی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەی ریسالەت ژمارە (٦٣٩- ٦٤٠)

ڕۆژنامەی ڕیسالەت (رسالت) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ ئازار ١٩٨٨، لاپەڕە ١٢ کە کۆتا لاپەڕەیە تایبەتی کردووە بە هەواڵە جیهانییەکان (نێودەوڵەتیەکان) و تیایدا چەندین ڕاپۆرت و هەواڵی بڵاو کردۆتەوە، کە ژمارەیەکیان سەبارەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بووە.

لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا لە ژێر ناونیشانی: (شارەزایانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی بە دواداچوونی تاوانی بێ وێنەی عێراق لە هەڵەبجە، سەردانی تاران دەکەن) و لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا، چەند هەواڵێکی تایبەت بە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە بڵاو کردووەتەوە، لە ڕاپۆرتی پەیوەست بە ناونیشانی هەواڵەکە، باسی لەوە کردووە خڤفێر پێرێز دیکولیار ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە ئیدانە کردووە و بڕیاری داوەکە لیژنەیەک لە شارەزایان بۆ بە دواداچوون لە تاوانەکە ڕەوانەی تاران بکات.

لە ڕاپۆرتەکەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە بەپێی ڕاپۆرتی یوونایتد پرێس، ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە هەریەکە لە عێراق و ئێران کردووە، کە تا کۆتایی مانگی ئازار نوێنەری خۆیان ڕەوانەی شاری نیویۆرک بکەن، هەروەها جوولیانی وتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەیاننامەیەکی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی چەکی کیمیاییەوە دەخوێنێتەوە کە تیایدا نیگەرانی خۆی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراق و بوونی قوربانییەکی زۆری کەسانی بێچەك دەربڕیوە و ئامادەیی خۆی نیشانداوە کە لەگەڵ کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سووردا گفتوگۆ بکات سەبارەت بە چۆنێتی هاوکاریکردنی بریندارن و ئاوارەکان.

لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا، ئەوە بڵاو کراوەتەوە کە محەمەد جەواد مەحەللاتی نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لەوە کردووە کە دەوڵەتی عێراق هێرشی کیمیاوی کردووەتە سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی و ٥٠٠٠ کوردی کۆمەڵکوژ و ٥٠٠٠ ی دیکەشی بریندار کردووە، بۆیە گفتوگۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە لە ڕەوشێکی وەهادا ئێرانی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. پاشان باس لەوە کراوە کە باڵوێزی فەرەنسا و وتەبێژی کۆشکی سپی ئەمریکا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە شەرمەزار دەکەن، هەروەها مەحەللاتی لە بەرنامەی (نایت لاین)ی تەلەفزیۆنی ئەی بی سی، بانگەشەی عێراق لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ئێرانەوە لە هەڵەبجە ڕەتدەکاتەوە، لەهەمان بەرنامەدا، عەبدولعامر ئەنباری باڵوێزی عێراق لە واشنتۆن بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە لە شاری هەڵەبجە ڕەت دەکاتەوە و ئێران بە بەر پرسیاری ئەو کارە دەزانێت.

لە هەواڵێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ناردنی لیژنەیەکی لێکوڵینەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە بە باش دەزانێت و پشتیوانی دەکات. هەروها ئاماژە بەوەش کراوە کە بە هۆی ئەوەی باڵیۆزی فەرەنسا لە بەریتانیا بەڵێنی دابوو لەگەڵ



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەندێک لە کوردانی لەندەندا کۆببێتەوە، بەڵام بەڵێنەکەی نەبردبووە سەر، ٤٠ کورد خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و دەڕۆنە نێو نووسینگەی فڕۆکەوانی ئێر فرانس.

لە ڕاپۆرتەکەدا هەواڵێکی تر هاتووە کە پەیامنێری تەلەڤزیۆنی بەلجیکا لە ڕاپۆرتێکیدا باسی لەوە کردووە کە هۆکاری کیمیابارانکردنی خەڵکی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە ئەوە بووە کە خەڵکی هەڵەبجە خۆشحاڵییان بە سەرکەوتنەکانی ئێران دەربڕیوە. لە هەواڵێکی دیکەدا باس لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوەی سویسرا دەکات کە ڕایگەیاندووە ئەو وڵاتە بڕیاری ئەوەی داوە لە دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە، بەزووترین کات تیمێکی پزیشکی ڕەوانەی ئێران بکات و ئەم هاوکارییەش لەسەر داواکاری مانگی سووری ئێرانی ئەنجام دەدرێت و لیستی دەرمانە پێویستییەکانیان بۆ برینداران ئامادە دەکرێت.

لە ڕوماڵی هەواڵی ڕادیۆ بی بی سی و لە زاری وتەبێژی پارتیزانە کوردەکانەوە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، باسی لەوە کردووە کە جارێکی دیکە ڕژێمی عێراق هێرشی کردووەتەوە سەر چەند گوندێك و تیایدا ٥٠ کەسی بێچەک لە دوو گوندی کوردنشیندا کوشتووە. هەروەها لە هەواڵێکی دیکەدا ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی شەهیدانی هەڵەبجە لە تەلەفزیۆنەکانی فەڕەنسا، هەفتەنامەی نۆڤڵ ئیسترۆڤاتۆر ڕەخنە لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە دەگرێت کە پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەیە و باسی لەوە کردووە کە جاك شیراک سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ سەدام حوسێن هەبێت.

لەبارەی گرنگیدان بە ڕوداوی کارەساتی هەڵەبجە، لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنی وەک: بی بی سی و تایمز و چەند ناوەندێکی بڵاوکراوەی دیکە کراوە کە هەریەکەیان لای خۆیانەوە ڕاپۆرتیان لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە بڵاو کردووەتەوە. دکتۆر لاریجانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا داوای سزادانی عێراق دەکات و هۆشداری دەداتە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر سزای عێراق نەدات ئەوە دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتی گەورەوە.

هەرلەم ڕاپۆرتەدا، ڕۆژنامەی ریسالەت ئەوەی بڵاو کردووەتەوە کە مەولانا عارف حسێن حوسێنی ڕێبەری شیعەکانی پاکستان بەدەم بانگەوازەکەی ئایەتوڵا مونتەزەری لەبارەی ڕاگەیاندنی پرسەی گشتی بۆ کارەساتی هەڵەبجە و فەلەستین هاتووە و پرسەی ڕاگەیاندووە و لە بەیانێکدا هاوخەمی خۆی بۆ کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان و بریندارانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە دەربڕیوەو ئەو تاوانەی بە توندی شەرمەزار کردووە.

بەگشتی لەم لاپەرەیەدا، ئەگەر چی لە ژێر یەك ناونیشاندایە، بەڵام ڕاپۆرتێکی فراوان لەسەر هەواڵە نێودەوڵەتیەکان لە بارەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەنجامدراوە کە تیایدا ڕوماڵی ١٢ هەواڵی جیاواز کراوە.

ڕۆژنامەکە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ ئازار ١٩٨٨، لاپەڕە ١٢ تایبەت کردووە بە هەواڵی جیهانی (نێودەوڵەتی) و تیایدا چەندین ڕاپۆرت و هەواڵی بڵاو کردۆتەوەو چەند هەواڵێک لە بارەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەوە بەدی دەکرێت.

یەکێك لە ڕاپۆرتەکان تایبەت کراوە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گەورەیی لە سەرەوەی لاپەڕەکەوە هەواڵێك بە ناونیشانی: (دەنگدانەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ئێران و عێراق لە لایەن ڕژێمی سەدام) هاتووە،

کە تیایدا باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە لە هەڵەبجە دەکات. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەریەک لە وڵاتانی ئەمەریکا، فەڕەنسا، بەریتانیا، کەنەدا و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا ئەم کارەی سەدام شەرمەزاربکەن، تەنانەت ئەوەش بڵاوکراوەتەوە کە ئیسرائیل لای خۆیەوە نیگەرانی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە دەربڕیوە، دیکۆئیاری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕیاری داوەکە لە ڕۆژانی داهاتوودا دوو پزیشکی بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی ڕەوانەی ئێران بکات.

ڕاپۆرتەکە ئەوەشی خستووەتە ڕووکە ئەم دەنگدانەوە نێودەوڵەتییە بە هۆی ئەو وێنە و فلیمانەوە بووە کە ئێران لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بڵاوی کردووەتەوەو بە وڵاتانی دونیادا ڕەوانەی کردوون، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ ئازار چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بە کار هێنراوە و ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی شارەکە کوژراون.

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا بەگەورەیی ئاماژەی بە هەواڵێکی نیۆیۆرک تایمز کردووە بەناونیشانی: (بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە تاوانێکی جەنگییە)، لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا چەندین هەواڵی لەبارەی کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە ڕوماڵ کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئەم هێرشەی بە تاوانێکی جەنگ ناوزەد کردووە.

لە درێژەی هەواڵەکەدا باسی لەوە کردووە کە فڕۆکەیەکی عێراقی بووەتە هۆی کوژرانی ژن و منداڵان  وکەسانی بەتەمەنانی شاری هەڵەبجە و باسی لەوەش کردووە کە لەگەڵ هاتنی فڕۆکەکە و تەقاندنەوەی بۆمبەکان، هەورێکی ڕەنگ زەردی ڕوون سەراسەری ئاسمانی هەڵەبجەی تەنیوە، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا داوای لە هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت کردووە کە هەوڵەکانی خۆیان بۆ ڕاگرتنی کارەساتی لەو شێوەیە بخەنەگەڕ.

لە هەواڵێکی دیکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاغای ئاخوندزادە کارداری سەفارەتی ئێران لە لەندەن سەردانی سەرپەرشتیاری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای کردووە و لەدیدارێکدا تاوانەکانی ڕژێمی عێراقی لە هەڵەبجە پێشکەشی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کردووە و داوای هاوکاری بەریتانیای بۆ چارەسەر کردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی کردووە، نوێنەری بەریتانیاش پێشوازی لەو داوایەی ئێران کردووە .

لە زاری پەیامنێرێکی ئیسپانی بەناوی ڕافائیل گومزپار، ئەوەی گێڕاوەتەوە کە ئەنجومەنی ئاسایش بە کەمتەرخەم دەزانێت لەو هێرشەی کراوەتە سەر هەڵەبجە کە لەلایەن عێراق ئەنجام دراوە. هەروەها لە بارەی لێدوانی پرۆفیسۆرێکی بەلجیکی بەناوی هێندریکس کە پسپۆڕی بواری ژەهرناسییە ویەکێك لە هاوکارەکانی سەردانی هەڵەبجەی کردووە، باس لەوە دەکات کە پێشتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان لە بوونی چەکی کیمیایی لە عێراق ئاگادار کردووەتەوە و ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەم کارەساتەی ئێستا لە هەڵەبجە ڕوویداوە کەمتەرخەمی لایەنە نێودەوڵەتییەکانە و زۆربەی قوربانییانی هەڵەبجە،کەسانی بێچەك و مەدەنین.

هەر لە درێژەی ڕوماڵەکەدا، هەواڵێك لە ڕاپۆرتی تۆڕی هەواڵی فەڕەنساوە وەرگیراوە کە باس لەوە دەکات نزیکەی ١٠٠٠ هاوڵاتی ناڕەزاییان دەربڕیوە و چوونەتە بەردەم باڵیۆزی عێراق لە ستۆکهۆڵم و ڕایگەیاندوە کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو خۆپیشاندەرانە لە کوردە کانی دانیشتووی سوید پێکهاتوون.

بەگشتی لەم لاپەڕەیەدا، هەرچەندە لە ژێر دوو ناونیشاندا ڕوماڵی هەواڵەکانی تایبەت بە کارەساتی هەڵەبجە کراوە، بەڵام لە یەکێکیاندا ڕوماڵی پێنج هەواڵی جیاواز کراوە.

**دەرەنجام:**

پاش لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕوماڵکردنی کارەساتی کیمیابیبارانی هەڵەبجە لە هەردو ژمارەی ڕۆژی ٢٦ و ٢٧ ئازاری ١٩٨٨ (ژمارە ٦٣٩، ٦٤٠) ی ڕۆژنامەی ڕیسالەت، گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١- تەنها لە ژمارەکانی ڕۆژی ٢٦ی ٣، ٣٧ و ڕۆژی ٢٧ی ٣، ٢٣ هەواڵ تایبەت بە کارەساتەکە دابەزیوە. بە هەردوو ژمارەکە ٦٠ هەواڵ دەربارەی هەڵەبجە بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕۆژنامەکە گرنگییەکی زۆری داوە بە ڕوماڵی کارەساتی هەڵەبجە و زۆرترین ژمارەی هەواڵە کە لەو کاتە دەربارەی ڕووداوەکە بڵاوکرابێتەوە.

٢- تەنها لە لاپەڕەی یەکەمی هەردوو ژمارەکەدا، ١٨ هەواڵی تایبەت بە کارەساتی کیمیابیبارانی هەڵەبجە دابەزیووە کە نیشانەی گرنگیدانی تایبەتی ڕۆژنامەکەیە بە ڕوماڵکردنی کارەساتی کیمیابیبارانی هەڵەبجە.

٣- ئێران زۆربەلایەوە گرنگ بووە کە کەیسی کیمیابیبارانی بارانی هەڵەبجە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی لە ڕۆژنامەکاندا بە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بگەیەنێت، ئەمەش وەك فشارێکی سیاسی بۆ سەر ڕژێمی عێراق.

٤- وەك لە هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامەکەوە دەردەکەوێت، ئێران ویستوویەتی کە لەناوخۆی وڵاتدا، بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و چالاکیەکانی دژ بە کارەساتەکە، بیسەلمێنێت کە جەنگیان دژی عێراق جەنگێکە دژی ستەمکاری.

٥- کارەساتەکە وەك چەکێکی میدیایی دژی حکومەتی عێراق لە ناوخۆی ئێران و لەسەر ئاستی هەرێمی و هەروەها لەسەر نێودەوڵەتی لە لایەن ئێرانەوە بەکارهاتووە.

٦- وەك لە هەواڵەکانی ناو هەردوو ژمارەی ڕۆژنامەکەوە دەردەکەوێت، ٢٢ هەواڵی ناوخۆیی (لەهەر سێ لاپەڕەی هەواڵی ناوخۆیی، هەواڵی پارێزگاکان و هەواڵی کۆمەڵایەتی) لەسەر کارەساتەکە بڵاوکراوەتەوە کە زۆرترین گرنگیپێدانی رۆژنامەکە دەردەخاتە لەو لایەنەوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:**


١- امین، نەوشیروان مستەفا: لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٠.

٢- حاجی مشیر، شەوکەت: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨ کورتەباسێکی جوگرافی- ئابوری- کۆمەڵایەتی- سیاسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٣- حسن، ئەرکان ئەحمەد؛ ئەمین، فاروق محمد: ڕۆڵ و ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەنێودەوڵەتی کارەساتی کیمیابیبارانکردنی شاری هەڵەبجە، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمییە و زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات، ژمارە ٥، ١ مارسی ٢٠٢٠.

٤- خلیفە محمد، حسین: چەمکێك لە مێژووی کارەساتەکانی کوردستان و هەڵەبجەش لەم مێژووەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥- سۆران، حسێن: لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٠.

٦- محمد ئەمین، فاروق محمد: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٨٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێ نوێ، سلێمانی، ٢٠١٤.

٧- مەلا، ڕەفعەن: ڕۆژە تەماویەکان، چاپ اول، چاپخانە کارو، سلیمانی، ٢٠٠٨.

٨- نێروەیی، علی تەتەر: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠١٠.

**دووەم: سەرچاوە فارسیەکان:**

٩- ابوغزاله، عبدالحلیم: جنگ عراق و ایران، ترجمه، نادر نوروز شاد، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس (مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ)، چاپ دوم، چاپ عقیلی، ١٣٩٠.

١٠- السامرائی، وفیق: ویرانی دروازه شرقی، ترجمه، عدنان فاروقی، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس "مرکز مطالعات تححقیقات جنگ"، چاپ ششم، ١٣٨٨.

١١- انتصار، نادر: سیاست کردها در خاورمیانه، ترجمه، عرفان قانعی فرد، تهران، نشر علم، چاپ اول، چاپ رامین، ١٣٩٠.

١٢- ایزدی، یدالله: عملیات والفجر- ١٠ فشار جهانی به ایران برای پذیرش قطعنامه ٥٩٨، روزشمار جنگ ایران و عراق ٢٣ اسفند ١٣٦٦ تا ٢٧ فروردین ١٣٦٧، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ، کتاب پنجاه وچهارم، چاپ قلم اذین، چاپ اول، ١٣٩٢.

١٣- پارسادوست، منوچهر: ما و عراق از گذشته دور تا امروز (نجاوز عراق، پیامدها، پایان جنگ و رویدادهای پس از ان)، انتشارات شرکت سهامی انتشار، چاپ دوم، چاپخانه عماد، تهران، ١٣٨٦.

١٤- جی. کلی، مایکل: نسل کشی در کردستان عراق (صدام حسین و یك محاکمه نا تمام)، ترجمه. سربس نظری، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ واژه پرداز اندیشه، چاپ اول، تهران، ١٣٩٠.

١٥- دردودیان، محمد: شلمچه تا حلبچه، بررسی وقایع سیاسی- نظامی جنگ در سال ١٣٦٦ درگیری با امریکا در خلیج فارس، انتقال منطقه نبرد از جنوب به غرب، سیری در جنگ ایران و عراق، تهران، مرکز اسناد دفاع مقدس "مرکز مطالعات تححقیقات جنگ"، جلد چهارم، چاپ هفتم، چاپخانه ارین، ١٣٩٠.

١٦- شیرازی، حبیب الله ابوالحسن. طارمی، کامران: نقش گروه های معارض در روابط ایران و عراق ١٣٧٥- ١٣٧٨، مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ١٣٨٤.

١٧- علایی، حسین: روند جنگ ایران و عراق، تهران، نشر مرزوبوم، چاپ ارین، جلد دوم، چاپ اول، ١٣٩١.

١٨- کوچیرا، کریس: چالش جنبش ملی کرد یا رویایی شیفته استقلال، ترجمه. عزیز ماملی، چاپ دوم، سلیمانی، ٢٠٠٨.

**سێیەم: سایتی ئەلیکترۆنی:**

١٩- درباره ما - روزنامه رسالت | روزنامه رسالت(resalat-news.com) ، ڕۆژی بڵاو کردنەوە، ٩ فەروەردین ١٣٩٧.

٢٠- شریفی: نگاهی به تاریخچه روزنامه رسالت، ١٧/ ١٠/ ١٣٩٨- نگاهی به تاریخچه روزنامه رسالت/ نزدیک به حزب مؤتلفه اسلامی | شبکه پذیرش آگهی(tarefeh.ir) .

٢١- شناسنامه - روزنامه رسالت | روزنامه رسالت(resalat-news.com) ، ڕۆژی بڵاو کردنەوە، ٣٠ بەهمەن ١٣٩٧.

٢٢- فیروزآبادی، محمد علی: چرا دیکتاتور عراق علیه ملت خودش جنایت کرد؟ سایت دیپلماسی ایرانی، تاریخ انتشار ٢٤ اسفند ١٣٩٦. به نقل از مجله المانی اشپیگل، شماره ١٤ سال ١٩٨٨. http://irdiplomacy.ir/fa/news %

٢٣- ناصر غضنفری: رسالت به راویت انبارلویی (٣)، پروژه تاریخ شفاهی ایرنا، ١٦ مهر ١٣٩٧، کۆدی هەواڵ ٨٣٠٥٨٢٣٠. موسوی خویینی ها می خواست رسالت را تعطیل کند امام اجازه نداد - ایرنا(irna.ir)

٢٤- ناصر غضنفری: رسالت به روایت انبارلویی(١)، پروژه تاریخ شفاهی ایرنا، ١٤ مهر ١٣٩٧، کۆدی هەواڵ ٨٣٠٥٥٤٢. انبارلویی: آیت الله خامنه ای نامزدی دور دوم خود را مشروط کرد - ایرنا(irna.ir) .

## پاشکۆکان:

### پاشکۆی ژمارە ١:

خشتەی ژمارەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە کارەساتی کیمیاییبارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی ریسالەت (رسالت) بەپێی لاپەڕەکانی ژمارەکانی ڕۆژی ٢٦ و ٢٧ ی ئازاری ١٩٨٨.

| ناونیشانی لاپەڕەکان | ژمارە ٦٣٩<br>٢٦ ئازاری ١٩٨٨ | | ژمارە ٦٤٠<br>٢٧ ئازاری ١٩٨٨ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی لاپەڕە | ژمارەی هەواڵ | ژمارەی لاپەڕە | ژمارەی هەواڵ | |
| لاپەڕەی یەکەم | ١ | ١٠ | ١ | ٨ | ١٨ |
| هەواڵی ناوخۆیی | ٢ | ٨ | ٢ | ٦ | ١٤ |
| سیاسی | ٣<br>٤ | ٢<br>١ | ٣ | ٣ | ٦ |
| کۆمەڵایەتی | ١٠ | ٤ | ئەم لاپەڕەیەی نییە | | ٤ |
| پارێزگاکان | ئەم لاپەڕەیەی نییە | | ١٠ | ٤ | ٤ |
| نێودەوڵەتی | ١٢ | ١٢ | ١٢ | ٢ | ١٤ |

پاشکۆی ژمارە ٢

لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ریسالەت (رسالت) ژمارە ٦٣٩ لە ٢٦ ئازاری ١٩٨٨.


رسالت

۱۲ صفحه

پیام نوروزی امام امت

مسلما نها باید در مقابل جورها، ظلمها و منکرات قیام کنند

فتوحات چشمگیر رزمندگان اسلام و بازتاب جهانی
جنایت صدام در قتل عام شیمیایی کردهای شمال عراق

سرانجام دبیر کل سازمان ملل نیز جنایت عراق را در بمباران شیمیایی محکوم کرد

• رئیس جنبش عدم تعهد، صلیب سرخ جهانی و حتی حامیان اصلی عراق یعنی دولتهای امریکا، فرانسه و انگلیس این جنایت صدام را محکوم کردند

• بیش از ۱۰۰۰ کیلومتر مربع از اراضی شمال عراق آزاد شد

• کارشناسان سازمان ملل برای تحقیق درباره جنایت عراق به تهران می‌آیند

آیة الله العظمی منتظری امروز را به خاطر قتل عام شیمیایی مردم کرد شمال عراق و کشتار مسلمانان مبارز فلسطین عزای عمومی اعلام کرد

پیام رئیس جمهوری کشورمان تسلیم رابرت موگابه شد

سرمقاله

اوج جنایت و لحظه سقوط

دست سارقین در تعطیلات نوروزی در محل سرقت قطع می‌شود

• آیا آتش زدن ۵ هزار نفر با بمب شیمیایی را می‌توان با ابراز تأسف تمام کرد؟

اسامی ٤ تن از کاندیداهای استان تهران

ایران خواهان برخورد قاطع ترکیه در مورد استفاده عراق از فضای آن کشور برای حمله به شهرهای ایران شد

عیادت رئیس جمهور، رئیس مجلس، رئیس دیوانعالی کشور و نخست وزیر از مجروحین شیمیایی

فعالیتهای تحقیقاتی و صنعتی «ا» کوه توسط دکتر لاریجانی تشریح شد

کمیتهٔ قیمت گذاری اوپک در وین تشکیل جلسه می‌دهد

مصاحبه حجة الاسلام تسخیری پیرامون دلایل خروج هیئت ایرانی از اجلاس کنفرانس اسلامی در امان

پاشکۆی ژمارە ٣

لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ریسالەت (رسالت) ژمارە ٦٤٠ لە ٢٧ ئازاری ١٩٨٨.



رسالت

۱۲ صفحه

سه ناوچه ایتالیایی و یک مین روب بلژیکی خلیج فارس را ترک کردند

مذاکرات ژنو پیرامون افغانستان با بن بست مواجه شد

ارتفاع مهم «شاخ شیمران» مشرف بر سد دربندیخان به تصرف سپاه اسلام درآمد

صبح امروز دو فروند موشک به سوی مراکز نظامی بغداد شلیک شد

رئیس مجلس طی پیامی به رؤسای مجالس جهان جنایت هولناک حلبچه را تشریح کرد

بیانیه دبیرکل جامعه روحانیت مبارز تهران پیرامون انتخابات و معرفی کاندیدا در تهران

اظهارات وزیر ارشاد پیرامون حج

با هر حرکتی که متجاوز و مظلوم را یکسان بنگرد مخالفت می‌کنیم و پاسخ را در جبهه خواهیم داد

در تمام اعلامیه‌ها عنوان ما «جامعه روحانیت مبارز تهران» است و سایر عناوین به جامعه ربطی ندارد

سرمقاله

محکوم کردن اجباری

کسری بودجه بی سابقه در چین

بازدید هیئت اعزامی از سوی ریاست جمهوری از مناطق بمباران شده

بازدید کننده از مجروحان شیمیایی شهر حلبچه این عمل جنایتکارانه را محکوم کردند

اعلام کوپن بنزین و روغن موتور مخصوص وانت بارها

ارتفاع مهم «شاخ شیمران»

محکومیت رژیم صهیونیستی عراق از سوی جمعیت اسلامی افغانستان

آگهی مزایده ۳۷ فقره زمین - باغ - آپارتمان - ویلا و مغازه در استان مازندران

**الملخص**

خلقت الحرب العراقية الإيرانية الطويلة أجواءً غير مستقرة في كردستان، مما جلب أحداثًا مروعة وإبادة جماعية للكرد. كان الهجوم بالاسلحة الكيمياوية على حلبجة أحد أفظع الأحداث خلال السنوات العشر من الحرب، والذي أدى إلى مقتل آلاف المدنيين وإصابة عشرات الآلاف. حظيت المأساة التي وقعت في ١٦ مارس ١٩٨٨ باهتمام وسائل الإعلام الإقليمية والدولية. أحد أسباب تحول الحادث إلى قضية عالمية هو تغطية وسائل الإعلام الإيرانية للحادث. قام عدد كبير من المصورين والصحفيين من إيران بزيارة حلبجة ونقلوا الحادثة إلى العالم، وكانت صحيفة الرسالة من الصحف التي لعبت دوراً كبيراً في هذا الصدد

غطت الصحيفة المأساة من عدة أبعاد في شكل تقارير إخبارية وصور فوتوغرافية التقطها صحفيون إيرانيون. كما نقلت تصريحات مسؤولين إيرانيين بشأن الهجوم الكيماوي على حلبجة ونقل الحادثة إلى المجتمع الدولي. ولذلك فإن أرقام الأشهر التي تلي الكارثة مهمة جداً للأرشفة والإحياء، وفي هذا الصدد ارتأينا أنه من المهم أن نكتب ورقة بحثية حول هذا الموضوع. لم يتم إجراء أي بحث حول هذا الموضوع وتعتبر هذه الدراسة المحاولة الأولى.

ولذلك فإن السؤال الأساسي للبحث هو إلى أي مدى اهتمت الصحيفة بتغطية الكارثة وإلى أي مدى انعكس ذلك في الصحيفة؟

وسيكون المنهج الأساسي لهذا البحث هو الوصفي - التحليلي، حيث يعتمد على غلاف الصحيفة وتلقي الأخبار وعرض الكارثة، ومن ثم تحليل معلومات الصحيفة نفسها وتصنيف الأخبار في صفحاتها.

الكلمات الدالة: حلبجة، هجوم على حلبجة بالاسلحة الكيمياويه، حرب العراقية - الإيرانية ، جريدة الرسالة، إبادة الجماعية

**Abstract**

The prolonged Iraq-Iran war created an unstable atmosphere in Kurdistan, which brought terrible events and genocide for the Kurds. One of the most horrific events of the ten years of war was the chemical attack on Halabja, which killed thousands of civilians and injured tens of thousands more. The tragedy, which occurred on March 16, 1988, attracted the attention of the regional and international media. One of the reasons why the incident became a global issue was the coverage of the incident by the Iranian media. A significant number of photographers and journalists from Iran visited Halabja and reported the incident to the world, Risalat newspaper was one of the newspapers that played a significant role in this regard

The newspaper covered the tragedy from several dimensions in the form of news reports and photographs taken by Iranian journalists. It also conveyed statements by Iranian officials about the chemical attack on Halabja and conveying the incident to the international community. Therefore, the numbers of the months after the disaster are very important for archiving, revival, and in this regard, we thought it important to write a paper on the subject. There has been no research on this subject and this study is considered the first attempt.

Therefore, the basic question of the research is to what extent the newspaper paid attention to the coverage of the disaster and to what extent it was reflected in the newspaper.

The basic method of this research will be descriptive-analytical, based on the cover of the newspaper, receiving the news and presenting the disaster, and then analyzing the information of the newspaper itself and classifying the news in the pages of the newspaper.

**Key Words: Halabja, Halabja Chemical Attack, Iran-Iraq War, Risalat Newspaper, Genocide**